# دەقی قسەوباسی زمناکۆ عزیز

## سکرتێری کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان لەمەراسیمی 1ی ئایاری شاری سلێمانیدا:

کرێکاران، هاوڕێیان، دۆستان، ئامادەبوانی خۆشەویست،

بەبۆنەی 1ی ئایار ڕۆژی هاوپشتیو هاوخەباتی جیهانیی چینی کرێکارەوە بەگەرمی پیرۆزبایتان لێدەکەم، هەروەها بەناوی سکرتێرو سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبو ئەندامانی مەکتەب سیاسی حزبەوە، جوانترینو گەرمترین پیرۆزبایتان لێدەکەمو خۆشەویستیو پشتیوانی ئەو هاوڕێیانەتان پێڕائەگەیەنم.

بەڕێزان!

1ی ئایار ڕۆژی نمایش کردنی قودرەتی چینایەتی کرێکارانە لەبەرامبەر زەبروزەنگو ستەمو دەسەڵاتی چینە چەوسێنەرەکان، ڕۆژی ڕاگرتنی کارو بەرزکردنەوەی خواستە ئینسانیو کرێکاریەکانی چینی کرێکارە، کەلەم ڕۆژەدا لەسەراسەری جیهاندا کرێکاران لەم پێناوەدا بۆی دێنە مەیدان. ڕۆژی ووتنی نایەکی گەورەیە بەو دنیا ئاوەژووەی کەبەسەر کرێکارانو بەشمەینەتانی جیهاندا فەرز کراوە، وەهەروەها ڕۆژی نیشاندانی هێزی چینایەتی کرێکارانە بەرامبەر جەورو ستەمی سەرمایەدارانو نیشاندانی ئاسۆو بەدیلی کرێکاری لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئەواندا.

لەکوردستانو عێراقیش وێڕای ئەوەی کە کرێکاران وەك هاوچینەکانیان دەرگیری دەریایەك لەکێشەو گرفتی چون یەکی وەك بەرزکردنەوەی ئاستی کرێ تا ئاستی وەڵامدانەوە بە دابین کردنی لانی کەمی ژیان، تادەگاتە کەمکردنەوەی سەعات کارو دابین کردنی هەلو مەرجی پێویست بۆ بەرگرتن بەقوربانیەکانی کارو، جێگیر کردنی یاساکارێکی پێشڕەو کە لەلایەن خودی کرێکارانەوە دانراوەو پەسەند کراوە، هاوکات بەجیاواز لە کرێکارانی تری وڵاتانی جیهان کرێکارانی عێراقو کوردستان لەگەڵ وەزعیەتێکی تریشدا دەرگیرن، ئەویش وەزعیەتی داگیرکاری عێراقە لەلایەن ئەمریکاوە کە دەیان گرفتو کێشەی گەورەی خولقاندوەو لەسایەیدا کۆمەڵگا نوقمی سیناریۆی ڕەش بووەو ئاسۆیەکیش نیە بۆ دەربازبوون. داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق نەك هەر نەیتوانی زەڕەیەك لە وەزعیەتی خەڵك باش بکاتو ئازادی ودیموکراسییەکەی ئەمریکا درۆیەکی گەورەبوو، بەڵکو نائارامیو کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کردە دیاری دەستی بۆ کۆمەڵگای عێراق، دەیان باندی مافیاییو تیرۆریستی ئیسلامیو شۆڤێنی مەیداندار کردو دەسەڵاتو پارەوپولی ئەم کۆمەڵگایەی خستە ژێر دەستیانو دەزگای ڕاگەیاندنی بۆیان کردووەتەوەو بەئارەزووی خۆیان ئیهانەو سوکایەتی بەکۆمەڵگا ئەکەن، وەلەسەر دەسەڵاتو کورسیو گێڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ سەدەکانی ناوەڕاست بەگژ هەموو دیاردەیەکی ئینسانیو مۆدێرن ئەچن. تیرۆرو کوشتن لەسەر پێناسو فڕاندنو ملپەڕاندنو تەشهیر بەجەستەی ئینسان لەسایەی ئەم تیرۆریستانەدا بوەتە کارێکی ڕۆژانەو هەرسەعاتە. هەرچی کرێکارانی کوردستانیشە بەهەمان شێوە لەگەڵ هەلومەرجی هەڵواسراوی سیاسیو نەبونی هەویەتی قەراری گرتوە، بەو مانایەی کە دیسان وەك ساڵانی ڕابردوو نەسەر بەعێراقەو نە بەڕەسمی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندوە، سەرباری ئەوەی کە لە مارسی 1991ەوە بەهەموو پێوەرەکانی فەرهەنگیو سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیەو کۆمەڵگایەکی جیاوازە کەچی پاش ئەو هەموو زەمەنە دیسانەوە بەعەمەلی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردستان ئیلحاقی ئیجباریان بەسەر خەڵکدا فەرز کردوەتەوەو خەریکن کۆمەڵگا ئەخەنەوە بەر مەترسی کارەساتەکانی ساڵانی ڕابردوو کەخۆی لەشەڕو کوشتارو ئاوارەییو ئیعدام ئەبینیەوە، وە هەر ئێستاش یەکێك لەهەرە ڕێگریە گەورەکانی بەردەم پێشکەوتنو گەیشتن بە ئاستی ژیانی وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان ئەم مەسەلەی ئیلحاقە ئیجبارییە. بۆیە ئەم مەسەلەیە کە گرفتی سەرجەم کۆمەڵگایە ئەبێت ببێتە بەشێکی سەرەکیو ئەولەویەتی کاری بەشی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستانو، ئەگەر مەسەلەی سەربەخۆیی لەسەر دەستی کرێکارانو بەرەی مەدەنی کوردستان یەکلا بکرێتەوە ئەوا ئەکرێت کرێکاران ببنە بەشێك لەو دەسەڵاتو ئیدارەیەو خۆیان کۆمەڵگا بەڕێوەبەرن. بەهەر ئەندازەیەك ئەگەر کرێکاران خۆیان لەو مەسئولیەتە لادەن، ئەوا ماهیەتی کێشەکانیان وەك خۆی ئەمێنێتەوەو ناتوانرێت لەوەها هەلومەرجێکدا باس لەباشکردنی یەکجاری ژیانو هەلومەرجی کرێکاران بکرێت.

بەڕێزان!

دووبارە 1ی ئایار لەسەرجەم ئێوەی بەڕێز پیرۆزبایی ئەکەمو دووبارە ڕایدەگەیەنیەوە کە لەخەباتو نارەزایەتیەکانو تێکۆشانی کرێکارانو کۆمەڵگای کوردستاندا لەبەشی پێشەوەداینو بانگەوازی کرێکارانو سەرجەم ئازادیخوازان ئەکەین کە بەم بزووتنەوە جەماوەریەوە پەیوەست بن. هەر بژینو سەرکەوتو بن.

بژی 1ی ئایار ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار